# غازی یاوەر و سەرکردە کوردەکان سوڵتان هاشم-یشمان لێدەکەن بە خەزرەجی!!!!

دەرسیم دیبەگەیی
30.1.2005
Darsim88@hotmail.com

ئەم نووسینە پێشکەشە بەگیانی پاکی شەهیدی قارەمان شەهید شاخەوان عەباس کە لە 1ی شوباتی 2004 دا لە مەڵبەندی 3ی هەولێر، گیانی بەکوردو کوردستان بەخشی. لەپاداشتی ئەوەی کە هەرگیز بێ هەڵوێست نەبووە بەرامبەر بە تاوانباران و بکوژانی شەهیدان.

لەدیمانەیەکی غازی عجیل یاوەر-ی سەرەککۆماری کاتی عێراق لەگەڵ تەلەفزیۆنی (العربیە) داو کە دواتر لە ماڵپەڕی ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی-دا لە 22.1.2005 دا بلاوکراوەتەوە، یاوەر لەو دیمانەیەداو لەوەلامی پرسیارێکدا دەربارەی فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم وەزیری بەرگری سەددام، کە ئایە ڕاستە بێتاوان دەردەچێت؟ بەم شێوەیە دێتە وەلام: (*من خۆم لەهەوڵێکی بێوچاندام بۆ دەرکردنی لێبووردنێک بۆ سوڵتان هاشم کە هیچ بەڵگەیەک لەسەر تاوانبارێتی ئەودا نیە، لەبەر ئەوەی سوڵتان سەربازێکی کارامە و ڕێزدار بووە لەلایەن زۆربەی لایەنە عێراقیەکان و هیچ نارەزاییەکی لەسەر نەبووە نە لەلایەن برا کوردەکان، وە نە لەلایەن شیعەو سوننەش. ئەو بەباوکی سوپای عێراق دادەنرێت. باشترین ڕێگاش بۆ کردنەوەی لاپەرەیەکی نوێ لەگەڵ ڕۆڵەکانی سوپای پێشووی عێراقی ئەوەیە سوڵتان ببەخشرێت و فەرمانێک دەرچێت بۆ وەستاندنی هەنگاوەکان لەدژی ئەودا، سوڵتان شایەنی ئەوەیە بەرێزو ستایشەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت).*

لە پرسیارێکی تردا کە ئایا ڕاستە سوڵتان هاشم بەغدای ڕادەست کردووە؟ یاوەر بەم جۆرە بۆی دەپارێتەوە: (*نا بەڕێزم، جێگەی داخە، سوڵتان، ئەو پیاوە وەزیری بەرگری بوو، سەرەککۆمار گشت بڕیارەکانی دەردەکرد، هەر ئەو بوو دەستی دەخستە نێو هەموو کارێکەوە. سوڵتان خۆی ڕادەست کردەوەو دەستگیر نەکرا، بەڵکو خۆی چوو و خۆی ڕادەستکردەوە، چونکە خۆی باش دەناسی و هەموو کەس دەزانن کە سوڵتان سەربازێکی پاک و وێنەی ئەفسەرێکی عێراقی نموونەیی بوو).*

بەهەموو یاسایەک، هەر کەسێک، هەولبدات کەسێکی تاوانبار بەشێوەیەکی نارەوا لەسزادان ڕزگار بکات یاخود گەواهی بەدرۆی بۆ بدات، بەچاوی تاوانبارو بەشدار لە تاوان سەیر دەکرێت و سزاش دەدرێت. ئەوەی ئەمرۆ یاوەر دەیکات و برا کوردەکان (مەبەستی هەردوو سەرکردەی کوردە) کە هاودەنگن لەگەڵیدا، دەچێتە هەمان خانەوە.

سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگەیەی لەسەر بەشداری سوڵتان و سەرکردایەتی کردنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردن و کاولکردنی شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستان، ئینجا یاوەر زۆر بێشەرمانە دەڵێت : (هیچ بەڵگەیەک لەسەر تاوانبارێتی سوڵتان هاشم نیە). ئەوەی جێگەی داخە سەرکردایەتی کورد دیارە ڕەزامەندی خۆی نیشانداوە بۆ بێتاوان نیشاندان و ئازادکردنی سوڵتان هاشم. بەمەش سەرکردایەتی کورد هەڵەیەکی تر ئەنجام دەدات هەروەک ئەو هەڵەیەی کە بۆ ڕزگارکردنی نزار خەزرەجی لەسزادان لە دادگای دانیمارک ئەنجامیاندا. ئەگەر هەوڵەکانی سەرکردایەتی کورد نەبوایە، ئێستا خەزرەجی لە زیندان بوو. ئەگەر بێتوو سەرکردایەتی کورد ئەو کارەیە بکات، دەیسەلمێنن کە ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێت ڕەچاوکردنی هەستی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە و دیارە سودیش لە هەڵەکانی خۆیان وەرناگرن. باشە دەبێت سەرکردایەتی کورد ئەوەندە بێئاگا بێت لە بەشداریکردن و سەرکردایەتی کردنی شالاوەکانی ئەنفال و ڕاگواستن لەلایەن سوڵتان هاشم-ەوە؟ ئایا دەبێت، سەرکردایەتی کورد، هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە لە دەیان شوێن ئاماژە بەڕۆڵی سەرکردایەتی سوڵتان هاشم دەکات، بەرچاویان نەکەوتبێت؟ باشە بابڵێین و گریمان، نزار خەزرەجی پەیوەندی بە پارتە کوردستانیەکانی یەکیەتی و پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی هەبوبێت، کە واش نییە، بۆیە بوونە پارێزەری خەزرەجی و ڕزگاریان کرد!! ئایا سوڵتان هاشم-یش پەیوەندی پێیانەوە هەبوو؟ خۆ ڕژێمیش لەناوچوو و سەرکردایەتی کورد ئەو بیانووەشیان نەما کە گوایە نەوەکو ئەفسەرانی تری ڕژێم ڕانەکەن لەترسی دادگاییکردنیان، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون هیچ ئەفسەرێکی تاوانباری ڕاکردووی ڕژێم دادگایی بکرێت!! ئەی بەرگری کردنیان بەم شێوەیەو لەئێستادا لە سوڵتان هاشم مانای چی دەگەیەنێت؟؟ یاخود هێشتا بەلای ئەوانەوە سەددام ماوە؟؟

ڕەفتارکردنی سەرکردایەتی کورد هەزارەها بیرو بۆچوون لەمێشکی خەڵکی کورد دروست دەکەن. باشە بۆ دەبێت سەرکردایەتی کورد ئەوەندە دڵفراوان و بەخشندەبن بەرامبەر بە تاوانبارە عەرەبە داگیرکەرەکانی هەڵگری بیری زایۆنیزمی عەرەبی ئیسلامی دژ بە کوردو کوردستان؟ ئەی بۆ ئەوەندە بەخشندەو دڵفراوان نەبوون بەرامبەر بە دیلەکانی شەڕی ناوخۆو هەریەکە لە پارتی و

یەكێتی بەسەدان دیلی یەكتریان شەهیدكرد؟
لێرەدا، چەند بەڵگەیەكی حاشاهەڵنەگر دەخەمەڕوو كە تاوانباریتی سوڵتان هاشم دەسەلمێنێت. دڵنیاشم لەوەی هەموو ئەو بەڵگانەو زۆرتریش لای هەردوو پارتی كوردستانی یەكێتی و پارتی دا هەن.
1- نامەی لیوا روكن سوڵتان هاشم فەرماندەی شاڵاوی ئەنفالی یەك بۆ سەددام-ی دكتاتور لە 19 ئازاری 1988 و ڕۆژی دواتر واتە لە 20.3.1988 لە ڕۆژنامەی (الثورة) ی بەعس ژمارە 6508 دا بڵاوكراوەتەوە. ئەمەش چەند كۆپڵەیەكن لە ڕۆژنامەكەو نامەكەی سوڵتان-دا.
تلقى السيد الرئيس المهيب الركن صدام حسين القائد العام للقوات المسلحة برقية تهنئة من ليواء الركن سلطان هاشم احمد قائد عملية الانفال زف فيها لسيادته بشرى انتصارات قطعاتنا الباسلة للمشاركة في تدمير مقرات المخربين عملاء ايران.
الى السيد الرئيس القائد المهيب الركن صدام حسين.
من اللواء الركن سلطان هاشم قائد عملية الانفال.
لقد قاتل جنودكم الابطال من منتسبي رجال المشاة والدروع والمدفعية وطيران الجيش والهندسة والصنوف الاخرى من منتسبي قيادة قوات جحفل الدفاع الوطني الاول وقيادة قوات بدر وقيادة قوات القعقاع وقيادة قوات المعتصم وبتعاون واسناد تام من قيادة الفيلق الاول البطل وقيادة الفيلق الخامس البطل وبتوجيه مباشر من السيد نائب القائد العام للقوات المسلحة والسيد رئيس اركان الجيش واعضاء القيادة العامة للقوات المسلحة ومشاركة التنظيم الحزبي لفرع الرشيد العسكري.
وفق الله الجميع لخدمة عراقنا الحبيب بقيادتكم الفذة ونعاهدكم على الاستمرار بالطرق على رؤوس هذه الفئة الضالة حتى تعود الى صوت الحق.
اللواء الركن
سلطان هاشم احمد
قائد عملية الانفال 19 اذار 1988
بەگوێرەی ئەو نامەیەی تاوانبار سوڵتان هاشم كە بۆ سەددام-ی شۆڤینیستی ناردووە، هاشم خۆی نیشانی دەدات و دەیسەڵمێنێت كە تاوانباری ئەنفال-ەو سەركردایەتی ئەنفالی یەكەمی كردووە لە سەرگەڵوو، بەرگەڵوو،زیوە، هەڵەدن، یاخسەمەر، كانی توو و تەواوی ناوچەكانی سنووری مەڵبەندی 2 ی ئەوكاتی ی.ن.ك. خۆ نەوشیروان مستەفا و فازل ڕەئوف-یش ئاماژەیان بەناوی خەزرەجی و سوڵتان هاشم و كامیل ساجیت كردووە وەكوو سێ ئەفسەری پایەبەرزی سەددام كە سەرپەرشتی تاوانەكانی ئەنفال و كاولكردنی كوردستانیان كردووە. كەچی ئەمڕۆ سەركرداتەتی كورد، لەگەڵ یاوەری دژ بە كورد هاودەنگن لەسەر ئەوەی كە سوڵتان بێتاوانە!! باوەڕیش ناكەم هەڵوێستی نەوشیروان و فازل-یش لە هەڵوێستی پارتەكانیان باشتربێت!! سەبارەت بە دۆزی دادگاییكردنی خەزرەجی، پۆلیسی دانیماركی پەیوەندی بە نەوشێروان كردبوو، نەوشێروان بە پۆلیسی گووتبوو: نامەوێ هیچ قسەیەك لەسەر ئەو دۆزەیە بكەم. ئەی چەند ساڵە لەكوێ بوون؟ بۆ پێشتر كەستان نەدەگرت؟ تەنیا لەو كاتەدا نەبێت كە دەتانەوێت خەزرەجی دادگایی بكەن؟
نەوشیروان بەشێوەیەك قسەی لەگەڵ پۆلیسی دانیماركی كردبوو، وەكو ئەوەی بڵێت هەموو ئەنفالچی و تاوانبارانی كیمیاباران هەر لەدوای ئەنجام دانی تاوانەكانیان هاتبنە ئێرەو لە دانیمارك ژیابن و میری دانیمارك قسەی لەگەڵ نەكردبن!!
هاودەنگی سەركردایەتی كورد لەگەڵ یاوەردا لەسەر بێتاوانی سوڵتان و بەخشینی ئەو لە تاوانەكانی ئەنفال و نەبەخشینی پێشمەرگەی كوردو شەهید كردنیان لەكاتی بەدیلگرتنیان، دەیسەلمێنێ كە ئەو سەركردایەتیە ئەوەندەی بەپەرۆشی پارتایەتین ئەوەندە بەپەرۆشی كوردایەتی نین. ئەگەر ئێمەی كورد گلەیی ئەوە لە موسڵمانی كورد بكەین كە دۆزی نەتەوایەتی كوردیان كردۆتە قوربانی ئاینەكەیان، ئەوە دەبێت ئەوەندەش گلەیی لە پارتە كوردستانیەكان بكەین كە دۆزی كوردو كوردستانیان كردۆتە قوربانی پارتەكانی خۆیان. نموونەش زۆرن بۆیە پێویست ناكات نموونە بێنمەوە.
2- هەروەها بەیانی ژمارە 3087 ی فەرماندەی گشتی هێزەكانی چەكدار كە لە هەمان ڕۆژ 19.3.1988 دا دەرچووەو لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی ژمارە 6508 ی 20.3.1988 دا بڵاوكراوەتەوە، ئاماژە بە سەرپەرشتی كردنی ئەو ئەنفال-ە دەكات لەلایەن سوڵتان هاشم-ەوە.
لەشوێنێكی بەیانەكەدا هاتووە (قامت قوات جحفل الدفاع الوطني الاول البطل وقوات بدر الباسلة وقوات القعقاع الباسلة وقوات المعتصم الباسلة وافواج الدفاع الوطني الباسلة بتنفيذ (عملية انفال) باشراف اللواء الركن سلطان هاشم المكلف موقتا بهذه المهمة اضافة الى واجباته حيث اندفعت قواتنا لمهاجمة مقر التمرد الذي يقوده الخائن جلال الطالباني العميل للنظام الايراني عدو العرب والاكراد وذلك بمنطقة سركلو و بركلو و زيوة.......).
بەپشت بەستن بە بەیانی ژمارە 6508 ی فەرماندەی گشتی بۆمان دەردەكەوێت كە تاوانبارێكی وەكو سوڵتان هاشم، نەك تەنیا

بەشداری لەو شاڵاوەی ئەنفال کردووە، بەڵکو سەرپەرشتی بەرچاوی ئەو ئەنفال-ەی کردووەو بەرپرسی یەکەم بووەو ڕۆڵی سەرەکیشی بینیووە.

3- نوسراوی ژمارە 1807ی فەرماندەی فەیلەقی 1 بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لە بەرواری 7.5.1988 و بە ئیمزای لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم:

بعون الله وعزيمة لمقاتلين الابطال من ابناء العراق الغياری تمكنت قيادة الفيلق الاول والوحدات الملحقة بها من قيادة ............... من تنفيذ عملية الانفال الرابعة ................ حيث قتل اعداد منهم والقاء القبض على اعداد اخرى وفضل قسم منهم تسليم انفسهم مع عدد من النساء والاطفال. والعمل جاری بتفتيش الغابات والوديان وتهديم وحرق القرى في عموم منطقة عمليات انفال/4.

بەگوێرەی ئەو نووسراوەی سەرەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە سوڵتان ئەنفالی چواری جێبەجێ کردوەو لەهەوڵی ئەوەدان دێهاتەکان بروخێنن و بسوتێنن لە تەواوی ناوچەی سنووری ئەنفالی چوارەم. سنووری ئەنفالی چواریش ناوچەکانی کەرکوک، ئاڵتون کۆپری، چەمچەماڵ، تەکیە، دوکان خەلەکان، سورداش،کۆیە و دێگەڵە بوو، هەموو خەڵکیش دەزانێت بە دەیان هەزار کەسی سیڤیل و بێتاوان لەو ناوچانە بێسەرو شوێنکران. فەیلەقی یەکیش سەرپەرشتی ئەو ئەنفالەی کردووەو فەرماندەی فەیلەقیش سوڵتان هاشم بووە، ئەگەر فەرماندەی فەیلەق بەرپرس نەبێت لەو هەموو تاوانانەی کە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەنفالی چواردا ئەنجام دراوە ؟ ئەی دەبێت کێ بەرپرس بێت؟

ئایا سەرکردایەتی کورد لەخۆی پرسیووە، لەپاداشتی چیبوو سەدام ئەو هەموو مەدالیاو پارەو ئۆتۆمۆبێلەی بەو لێپرسراوە سوپایی و حیزبیانە دەبەخشی؟ ئایا لە پاداشتی ئەوە بووە گوڵبارانی خەلکیان کردوە یان گوللەباران؟ خەڵکیان لە مردن ڕزگار کردوە یان خەلکیان کوشتوە؟ دێهاتیان بۆ خەلک ئاوەدان کردوە یان دێهاتەکانیان بەسەر دانیشتواندا کاولکردوە؟

4- ئایا یاوەرو سەرکردایەتی کورد دەربارەی ئەم بەڵگەنامەیەی خوارەوە چی ئەڵێن؟ ئەو سوڵتانەی، ئەوان دەیانەوێت لێبووردنێکی بۆ دەرکەن و ئازادی بکەن، چونکە پێیان وایە بێتاوانە!! دەبێت لەپاداشتی چی بێت بەیەکجار 5 مەدالیای ئازایەتی و وسامێکی وەرگرتبێت؟ ڕاگەیاندنە کۆمارییەکە خۆی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە سوڵتان و هاوەڵەکانی لە پاداشتی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی باشووری عێراق لە ئازاری 1991 دا، کە سەددام بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەفحەی غەدرو خیانەت ناوزەدی دەکات، وەرگرتووە.

ئەمەش دەقی مەرسومەکەیە:

مرسوم جمهوري

تقديرا للموقف القيادي المسؤول وللشجاعة المتميزة التي ابداها القادة المدرجة اسماؤهم في ادناه في الذود عن شرف العراق العظيم وسيادة وكرامة الامة العربية المجيدة وامنها في التصدي البطولي لصفحه الخيانه والغدر فی ام المعارك واستنادا الى احكام قرار مجلس قيادة الـثورة ذي الرقم 329 في 2.9.1991 والمادة 26 من قانون والانواط ذي الرقم 95 لسنة 1982 المعدل. رسمنا بما هو ات..

يمنح الضباط القادة المدرجة اسماؤهم في ادناه وسام ام المعارک من درجة الاولى وخمسة انواط شجاعة.

1. الفريق اول الركن حسين رشيد محمد
2. الفريق الركن عبدالستار احمد جاسم
3. الفريق الركن سلطان هاشم احمد
4. الفريق الركن محمد عبدالقادر عبدالرحمان
5. الفريق الركن اياد خليل زكي
6. الفريق الركن صلاح عبود محمود
7. الفريق الركن ابراهيم اسماعيل محمد
8. الفريق الطيار الركن الحكم حسن علي
9. اللواء الركن عبدالواحد شنان ال رباط

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا المرسوم

صدام حسين / رئيس الجمهورية

5- ئەمەی خوارەوەش بەڵگەیەکی ترە بە واژۆو ناوی سوڵتان هاشم، کە بریتیە لە نوسراوێکی فەرماندارێتی فەیلەقی یەک ژمارە 142 لە 20.4.1988 بۆ فەرماندارێتی گشتی هێزی چەکدارو دەیسەلمێنێ کە سوڵتان سەرکردایەتی ئەنفالی کردوە. لە بەڵگەنامەکەدا هاتوە:

اثناء تمشيط منطقة قرداغ تم القاء القبض على عدد  2500 الفان وخمسمائه مخرب وعميل من الرجال والنساء............... تم الاحتفاظ بالاشخاص والاسلحة في مقر الفيلق ننتظر توجيهاتكم بصدد ذلک. انبؤنا.

ئایا گرتنی 2500 منداڵ، ژن و پیاو و ناونووسکردنیان بە تێکدەرو بەکرێگیراو و ناردنیان بەرەو مەرگ و شوێنی نادیار تاوان نییە؟ گەر ئەمە تاوان نەبێت؟ بۆمان ڕوونناکەنەوە تاوان چیە و چۆنە؟

*6- ئەمەی خوارەوەش وەلامی فەماندارێتی گشتی هێزی چەکدارە بۆ سوڵتان، کە داوای لێدەکات ئەو 2500 تێکدەر و بەکرێگیراوە، منداڵەکان ڕەوانەی سەربازگەی مەشقی زرێپۆشی تکریت و ژنەکان بۆ فەیلەقی سێ و پیاوەکانیش بۆ فەیلەقی چوار دابەش و ڕەوان بکرێن.*

كتاب القيادة العامة للقوات المسلحة الموجهة الى قيادة الفيلق الاول المرقم 3/م خ في 23.4.1988 " رسالتكم السرية والفورية 142 في 20.4.1988 يوزع المخربون والعملاء البالغة عددهم 2500 الفان و خمسمائة على النحو التالي: الرجال يرسلون الى قيادة فل 4. النساء يرسلن الى قيادة فل 3. الاطفال يرسلون الى معسكر تدريب الدروع في تكريت................ .

لێرەدا لە یاوەرو سەرکردایەتی کورد دەپرسم، ئایا ئەو 2500 پیاو و ژن و منالانە، دەبێت چیان بەسەر هاتبێت؟ ئایا کەستان لەو باوەڕەدان، ئەوانە لەدەستی سوپا زایۆنیەکەی سوڵتانی نەوەی خالیدی کوڕی وەلید و قەعقاع و سەعدی کوڕی وەقاس و سەدامی خوێنڕێژ ڕزگاریان بووبێت؟

7- هەروەها لە کاسێتێکی ڤیدیۆ کە لە ئەرشیفی فەیلەقی 5 لە هەولێر لە ڕاپەڕینەکەدا کەوتۆتە بەردەست، سوڵتان هاشم باسی ئەوە ئەکات کە بەشداری ئەنفالی هەشتی بادینانی کردوە. کاسێتەکە بریتییە لە هەلسەنگاندنێکی ئەنفالی ژمارە 8. ئەوانەی لەنێو ئەو کۆنفرانسە سەربازیەدا ناسراون، یونس موحەمەد ئەلزەرب فەرماندەی فەیلەقی 5 کە کۆنفرانسەکە بەرێوە دەبات و سوڵتان هاشم فەرماندەی فەیلەقی 1 و سەعدی توعمە ئەلجبوری پشکێنەری فەرماندارێتی گشتی هێزی چەکدار بوو و ماوەیەکیش وەزیری بەرگری.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەر دەستدان، سوڵتان هاشم بەشداری و سەرپەرشتی ئەنفالەکانی ژمارە 1، 2، 4 و 8ی کردوە. جا ئەفسەرێکی پایەبەرز و بەپلەی لیوا ڕوکنی وەکو سوڵتان هاشم کە سەرپەرشتی و بەشداری چوار ئەنفالی کردبێت و بەفەرمانی ئەو هێزێکی سوپایی دەیان هەزاری شالاوەکانی ئەنفالی دەست پێکردبێت، دەبێ کێ لەو تاوانبار بێت؟